ریگای کوردستان
دووشەممە 22ی نیسان (ئەپریل)ی 2002 ژمارە (499) ساڵی (57)

لە یادی رۆژنامەگەری کوردیدا
سەرەتایەك بۆ رۆژنامەگەری چەپی نهێنی لە کوردستانی عێراقدا

نەوزاد عەلی ئەحمەد

لە تێزی ماجستێرەکەمدا -1- بە فراوانی لە پەیوەندی ئەدەبو رۆژنامەگەری نهێنی کوردی لە ساڵانی نێوان 1961- 1991 دواوم، هەروەها لە کتێبی رابەری رۆژنامەگەری نهێنی کوردیش بە گوێرەی توانا لە شێوە رابەرێکدا رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەکانی ئەو (30) ساڵەم پۆلێن کردووەو لە پەرەگرافێکی پێشەکیەکەدا نووسیومە (پێش ساڵی 1961-یش کورد بە شێوەیەکی نهێنی چاپکراوی هەبووە، ئێستا ئێمە لە هەوڵی ئەوە داین لە نووسینێکی تردا لە کۆنەوە تا ساڵی 1961 لەو چاپکراوانە بدوێین)-2-

جا ئەم نووسینەی بەردەستیش چەند دێڕێکە بۆ دۆزینەوەی یەکەم هەنگاوی چاپکردنو بڵاوکردنەوەی رۆژنامەگەری چەپی نهێنی کوردی لە کوردستانی عێراقدا، سەبارەت بەم گەڕانو پشکنینە ئاساییە پرسیارێك بکرێت، ئایا چاپکراوی نهێنی کوردی لە سەرەتادا چاپکراوی چەپەکان بووە؟

دەڵێین مەرج نییە، بەڵکو ئەم نووسینە بەشێکە لەو گەڕانو پشکنینانەو خستنە رووی چەند رستەیەکە لەپێناوی ئەو دۆزینەوەیەدا. ئەم نووسینە بێجگە لەوەی بە کورتی قسەکردنە سەبارەت بە دەستەو کۆمەڵەو گروپی کوردی لە کوردستانی عێراق لە سەرەتاوە تا ساڵی 1961 و تا چەند هەوڵیان داوە خاوەنی بڵاوکراوەی تایبەت بە خۆیان بن، ئایا ئەو کۆمەڵەو گروپانە چەپ بوون؟ ئایا ئەدەبیاتەکانیان گرنگییان بە فیکری چەپ داوە؟ ئەمەو بێجگە لەو رۆژنامەو گۆڤارانەی کە پارتو رێکخراوە سیاسییە کوردییەکان دەریانکردووە بە تایبەتی ئەوانەی کە هەڵگری بیروباوەڕی چەپ بوونەو لە ئەدەبیاتەکانیان ئەو فیکرە بە ئاشکرا رەنگی داوەتەوە.

لەم رووەوە وەنەبێت ئەم نووسینە زۆر تۆکمەو بێ کەموکوڕی بێت نەخێر!

وەك لە ناونیشانەکەیدا روونکراوەتەوە کە سەرەتایەکە ئەو سەرەتایەش بە دوو مەبەست بەکار هاتووە، هەم وەك سەرەتایەك بۆ لێکۆڵینەوەو نووسینی تر لەمەڕ ئەو بابەتە واتە پێشەکییە بۆ باسو قسەی تر، هەروەها لێدوانیشە لە سەرەتاکانی ئەو بابەتە، ئیتر هیوادارم بەم چەند دێرە لامان لە بابەتێك کردبێتەوە کە دەمێکە دەبوایە هەقی خۆی بدرێتێ چونکە ئەو سەرەتایە بەشێکی دانەبڕاوە لە خەباتی بزووتنەوەی گەلەکەمان.

گروپو دەستەو کۆمەڵێ کوردی

لە سەرەتای سییەکاندا، خوێندکارانی کورد کەوتنە چالاکی نواندنو دامەزراندنی کۆمەڵەی رۆشنبیریو کۆمەڵایەتی تەنانەت سیاسیش بەناوی کۆمەڵی لاوانو گۆڤاری (یادگاری لاوان)یان دەرکرد، ژمارە یەکی ئەو گۆڤارە لە ساڵی 1933 دەرچووە، لێکۆڵینەوەی ئەدەبیو شیعری نیشتمان پەروەریو گوتاری پەروەردەییو رۆشنبیری تیا بڵاو دەکرایەوە، ئەندامە ناسراوەکانی بریتی بوون لە فازیڵ رەئووف تاڵەبانیو ئیبراهیم ئەحمەدو حامید فەرەجو شاکر فەتاح ساڵی 1935 لە شاری سلێمانیش کۆمەڵەیەکی نهێنی بەناوی کۆمەڵەی پێشرەوی نیشتمانی پێکهات هەندێك لە ناودارانی سلێمانی گرتەخۆ، وەکو عیزەت بەگ پاشاو عیزەت ئەفەندی خانەنشینو تۆفیق قەزازو میرزا ئەحمەدو حاجی فەتاح قادرو رەمزی حاجی فەتاحو پزیشکی ئاژەڵداری (بەیتەری) قوتبەددین- سەرۆکی کۆمەڵەکە حەمە ئاغا عەبدولرەحمان بوو. کۆمەڵە لەپێناوی بەرژەوەندی نیشتمانی کورد تێدەکۆشاو لە ماڵی حەمە ئاغا نزیکەی 20 کەس لە کۆبوونەوەدا بەشدار بوون، کۆمەڵە لە کارەکانیدا بەردەوام بوو هەتا ساڵی 1936و بەبێ ئەوەی لە لایەن رژێمەوە بەرەنگاری بکرێ خۆی هەڵوەشاندەوە.

لە نێوان ساڵانی 1935- 1937 لاوانی رووناکبیری کورد لەژێر کارتێکردنی بیروباوەڕی دیموکراتی پێشکەوتوخوازیدا بوون، هەندێك لە کوردەکان وەکو: هەمزە عەبدوڵڵاو رەشید عارفو ئیبراهیم ئەحمەدو عەبدولسەمەد محەمەدو حەسەن تاڵەبانیو هەندێکی تر پەیوەندییان لەگەڵ کۆمەڵێ (الأهالي) توند بوو، ئیبراهیم ئەحمەد لە ساڵی 1939 کتێبی- کوردو عەرەب-ی بڵاو کردەوە لەوێدا داوای پەیوەندی نێوان عەرەبو کوردی دەکرد بۆ بەرەنگاری ئیستعمار. هەروەها کۆمەڵەی (برایەتی) بە سەرۆکایەتی شێخ لەتیف کوڕی شێخ مەحمود بەرزنجی لە سلێمانی سەری هەڵداو ئامانجی کوردستانی سەربەخۆ بوو.

هەروەها ئیبراهیم ئەحمەدو عەلائەددین سوجادی لە ساڵی 1939 گۆڤاری گەلاوێژی کوردییان دەرکرد، کە زۆربەی هێزی پێشکەوتنخوازی لە کۆمەڵگای کوردەواری بۆ لای خۆی راکێشاو دژایەتی فاشیزمی کردە رێبازو بوو بە هاندەرێك بۆ دامەزراندنی پارتێکی سیاسی کوردی لە عێراقو پارتی (هیوا) سەری هەڵدا.-3-

بەڵام ئەگەر وەك کاری سیاسی کوردی دەستنیشانی رێکخراو یاخود پارتێکی کوردی بکەین کە خاوەنی بنکەیەکی جەماوەری بێت، ئەوە پێویستە هەڵوەستە لەسەر خەباتی پارتی هیوا بکەین، کە پێشەکی دەبێت دان بەوەدا بنرێت کە ئەو کۆمەڵەو گروپو دەستە کوردییانەی پێش پارتی هیوا هەبوون بە بزووتنەوەو حکومەتەکەی شێخ مەحمودیشەوە تا دەگات بەو بزووتنەوە رۆشنبیرییانەی ئەو مێژووە هەبوون کە زیاتر خۆیان لە دەرکردنی بڵاوکراوەو رۆژنامەو گۆڤاردا دەبینییەوە بوونەتە سەرەتایەکی باش بۆ دروستبوونی پارتی هیواو بڵاوبوونەوەی بەو شێوەیەی کە لە سەرچاوەکاندا باسی لێوە کراوە لە سەرەتادا لەسەر دەستی چەند ئەفسەرو رۆشنبیرێك لە ساڵی 1939 بە شێوەیەکی نهێنی پارتەکە دامەزراو پاشان خەڵکێکی چاکی لە دەوری خۆی کۆکردەوەو گۆڤاری نهێنی دەردەکرد، -4-

دیارە وەك دەزانرێت ئەو سەردەمە سەردەمو مۆدێلی بڵاوبوونەوەی فیکری چەپ بوو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە عێراقیش لە سەرەتای ساڵی 1920 بە تایبەتی لە بەشە ناوەڕاستو خوارووەکەی بە نهێنی باس لە فیکری چەپ دەکراو گروپی بچووك بچووك خەریك بوو دروست دەبوو، کە وەك دەڵێین لە سەرەتاکانی ساڵی 1920 بۆ یەکەمجار وشەی (سۆسیالیستی) بە زمانی عەرەبی لە عێراقدا لە رۆژنامەی (دجلە)ی بەغدایی لە ژمارە (50)ی رۆژی (25)ی ئابی 1921 بەکار هاتووەو لە رۆژی (28)ی کانونی یەکەمی 1924 یەکەم رۆژنامەی مارکسی بە ئاشکرا بەناوی (الصحیفە) بڵاو کراوەتەوە، لە نێو کوردیش فیکری چەپو مارکسی بۆ یەکەمجار لە نێو پارتی هیوا مشتومڕی گەرمی لێکەوتۆتەوە کەواتە دەتوانین سەرەتاکانی فیکری چەپ لە نێو کوردەواریدا بۆ پارتی هیوا بگەڕێنینەوە، هەر ئەو فیکرەیەش بوو کە پارتەکەی کردە دوو لەت (لە مانگی شوباتی 1944 لە شاری کەرکوك کۆنفرانسی حزب بەسترا واتە پارتی هیوا نووسەری بازووی چەپ پەردەی لەسەر نەخشەی ئابڕوبەرانەی ئیمپریالیزمی بەریتانیا هەڵماڵی، دەریخست کە گەلی کورد بە پشتیوانی بەریتانیا رزگار نابێو دەبێ یەکێتی سۆڤییەت بە پشتو پەنای خۆی بزانێ.. بەم جۆرە کۆنفرانس حزبی هیوای کردە دوو لەتەوە، بازووی راست بە سەرۆکایەتی رەفیق حیلمی کە هەموو داخوازییەکانی بازووی چەپی رەت کردەوە لە حزب جیابۆوە، ئەم لەتبوونە کارێکی وای کرد بازووی چەپ لەگەڵ حزبێکی تردا یەکگرێ، بازووی راستیش ماوەیەك بەناوی حزبی هیواوە کاری دەکرد پاشان هەڵوەشایەوە بەم جۆرە نەخشی مێژوویی حزبی هیوا کۆتایی هات... بەشێکی ئەندامانی بازووی چەپ چوونە ریزی گروپی (القاعدە)ی حزبی کۆمۆنیستی عێراقەوەو بە نهێنی رۆژنامەی (ئازادی)یان دەرکرد، بەشێکی تریان بوونە ئەندامی شاخەی کۆمەڵەی (ژ. ك) لە کوردستانی عێراقدا، ئەوانەی تر حزبێکیان بەناوی (ریا راست) -6- پێکەوە نا، کە زۆربەی ئەندامەکانی لە سلێمانیو لە نێو ریزی خوێندکارە کوردەکانی بەغدا بوون، بەشێکی کەمیشیان چوونە ریزی گروپی (وحدة النضال)ی کۆمۆنیستەوەو لە کوردستاندا بەناوی (یەکێتی تێکۆشین) شاخەیان دامەزراند چەند گروپێکی تریش بە شێوەیەکی سەربەخۆو بەناوی جیاجیا مانەوەو خۆیان بە پاڵپشتی جووڵانەوەی نیشتمانی کوردستان دەزانی) -7-

دوای ئەمەش گۆڕانکای تر روویداوە (لە کۆتایی ساڵی 1944 گروپی -وحدة النضال- چووە ریزی قاعیدەوە کە هەردووکیان لە حزبی کۆمۆنیستی عێراق جیاببوونەوە، بەڵام کۆمۆنیستە کوردەکان نەچوونە ریزی ئەم گروپەو بەڵکو لە کوردستاندا حزبێکی کۆمۆنیستیان پێکەوە نا، ئۆرگانی ئەو حزبە رۆژنامەی -شۆڕش- بوو، لەبەر ئەوە حزبەکەش لەناو خەڵکدا بە حزبی شۆڕش ناسرا)-8-

ئەمەو (شۆڕشییەکان لە ساڵی 1945دا دوای دامەزراندنی خۆیان بە ماوەیەك (-حزبی رزگاری کورد-یان پێك هێنا بە هاوکاری لەگەڵ هەندێ کۆنە هیوایی) -9- دیارە لە کۆی ئەو بیروڕایانەی پێشەوەدا دەردەکەوێت کە پارتی هیوا بیروڕاو خەیاڵی کوردەواری بەرەو ئاسۆیەکی تر بردو خوێندنەوەیەکی تری بۆ سەردەمی ئەوسا دارشت، پێگەی سەرەکی هیواییەکان زیاتر شارەکانی کەرکوكو هەولێر بوو، ئینجا بەغداو سلێمانیو شارو شارۆچکەکانی تری کوردستان، بۆ نموونە ئەگەر سەیری ئەم چەند دێڕەی خوارەوە بکەین، پێگەی پارتی هیوامان لە شارێکی وەك هەولێر بۆ دەردەکەوێت: (لەناوی رێکخراوی هیوا لە هەولێر ئینشیقاق دروست بوو، بەشی زۆربەی رەزامەندی خۆی دەربڕی کە لەگەڵماندا کار بکات، پاش ئەوەی بڕیارماندا کە لە هاوینی ساڵی 1943 وەك رێکخراوێکی سەربەخۆیی مەحەلی کار بکەین... ئێمە دژی داگیرکەرو دەربەگایەتیو داپڵۆسینی نەتەوەیی بووین، تێکۆشانمان نیشتمانیو دیموکراتیو نەتەوایەتی بوو لە یەك کاتدا بڕیارماندا رێکخراوی (کۆمەڵی میللەت) دروست بکەینو بڵاوکراوەیەکیش بەدەست نووسراوی بەناوی (دەنگی کورد) دەر بکەین) -10- هەروەها (لەو سەردەمەشدا تاقمی خوێندەواری مارکسی کورد لە شاری هەولێر پەیدا ببوو هەر لە ساڵی 1942وە کاك ساڵح حەیدەریو رەشید قادرو نافیع یونسو چەندین قوتابی تری کورد دەستە چەپ هاتبوونە کۆڕی تێکۆشانەوە بۆ ماوەیەك لەگەڵ چەند لاوێکی تردا لە هەولێر (کۆمەڵی میللەت) (جمعیە الشعب)یان پێکەوە نابوو) -11- لە سەرچاوەیەکی تردا هاتووە (وەك دەزانین لە هاوینی 1941 دا ئەڵمانیا هێرشی بردە سەر یەکێتی سۆڤییەت، هەر چەندە شەڕی دووەمی جیهانی پێش ئەوە دەستی پێکردبوو بەڵام ئەو هێرشەی ئەڵمانیا بۆ سەر سۆڤییەت رووی شەڕی گۆڕیو ناوەڕۆکێکی تری دایە ئەم رووداوە بە تایبەت پاش شەڕی ستالینگرادو سەرکەوتنەکانی تر، ئاوو هەوای گشتی گۆڕیو شنەبای ئازادیو سەربەستیو دیموکراسی وڵاتانی پێگەیشتووی زاخاودا، بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازی بڵاو بووەوە، لەژێر تەئسیری ئەم بارەدا، لە 1943 دا بووم بە ئەندامی (کۆمەڵی میللەت) کە رۆژنامەکەیان بەناوی (بڵێسە) دەردەکردو خۆی بە مارکسی دادەنا) -12- ئیتر لە کاتی لێکدانو کۆلاجکردنی ئەو بۆچوونو زانیاریانەی پێشەوەدا -13- گەڵاڵەی بیروڕایەك چێ دەبێت، بە تایبەتیش بۆ دۆزینەوەی سەرداوێك سەبارەت بە بزووتنەوەی چەپ لە کوردستانو بڵاوکردنەوەی ئەو فیکرەیە هەوڵیان داوە کە بڵاوکراوە یاخود رۆژنامە یان گۆڤاری تایبەت بە خۆیان هەبێت، دیارە لەو چەند دێڕەی پێشەوەدا دەتوانین یەکێك لەو پرسیارانەمان دەست بکەوێت ئەویش وەدەست کەوتنی ناوی چەند بڵاوکراوەو رۆژنامەو گۆڤارێکە کە کورتە وەڵامێکن بۆ سەر نێوی باسەکەمان واتە ناونیشانی سەرەکی بابەتەکە.

رۆژنامەگەری چەپی نهێنی لە کوردستانی عێراق

هیچ باسێکی زانستی بەبێ سەرەتایەکی بەڵگەو بۆچوونی زانستیانە ئەنجامی ئەکادیمی لێ ناکەوێتەوە، جا لە سەر نێوی پێش ئەم سەر نێوەدا لە مێژووی کۆمەڵەو گروپو دەستە کوردییەکان دەروازەیەکمان لەپێناوی دۆزینەوەی چەند بڵاوکراوەو رۆژنامەو گۆڤارێك کردەوە کە ئەگەر تایبەتیش نەبووبن بە بڵاوکردنەوەی فیکری چەپ لە کوردستانی عێراقدا ئەوە سەرەتایەکی واقیعی بوون بۆ رۆژگاری ئەوسا تا چەپەکان فیکری خۆیانی تێدا بڵاو بکەنەوە، لەو بوارەشدا هێشتا چەندان گروپو دەستەو کۆمەڵەی کوردی ماون کە ناومان نەهێناون، ئەمەش بە ئەنقەست فەرامۆش نەکراون تەنیا ویستومانە بڵێین کە رۆژنامەگەری چەپی نهێنی لە کوردستاندا لەسەر دەستی ئەو رێکخراوو گروپو کۆمەڵانەدا دامەزراوەو ئەو گۆڤارو رۆژنامانە ریز بکەین، کە سەرەتایەکن بۆ رۆژنامەگەری چەپی نهێنی کوردی لە سەرەتاوە واتە لە دامەزراندنەوە تا ساڵی 1961 .

1 - (گۆڤار) هەفتەنامەیەکی کۆمەڵایەتی نهێنی کوردی بووە گەنجانی هەولێر کە لە پارتی هیوا کاریان کردووە دەریانکردووە، نازانرێ چەند ژمارەی لێ دەرچووە دەستنووس بووەو لە کۆتاییەکانی ساڵی 1939 بڵاو کراوەتەوە. -14-

2 - (دەنگی کورد) بەدەست نووسراوەتەوەو ساڵی 1943 لە لایەن کۆمەڵی میللەت لە هەولێر دەرچووە.

3 - (بڵێسە) ساڵی 1943 لە لایەن کۆمەڵێ میللەت لە هەولێر دەرچووە.

4 - (شۆڕش) رۆژنامەی (حزبی شیوعی کوردستانی عێراق) بووە لە ساڵی 1943 دەرچووە.

5 - (ئازادی) یەکەم رۆژنامەیە کە زانیاری بەڵگەداری سەبارەت هەبێت وەك رۆژنامەیەکی چەپی نهێنی کوردیو یەکەم ژمارەی لە مانگی نیسانی ساڵی 1944 دەرچووەو رۆژنامەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق بە زمانی کوردی، سەرەتا بە (8- 12) لاپەڕەی بچووك واتە A4 دەرچووە، پاشان بۆتە دوو لاپەڕەو تا ساڵی 1959 هەر بە نهێنی دەرچووەو لە 1 / 5 / 1959 بۆتە ئاشکرا، ژمارە نهێنییەکانی زۆربەیان لە شاری سلێمانی چاپکراون. -15-

6 - (یەکێتی تێکۆشین) لەسەر بەرگی ژمارە (1) نووسراوە: (زبان حالی کۆمەڵەی کۆمۆنیستی عێراقی- لقی کورد) بەڵام لەسەر بەرگی ژمارە (3)ی نووسراوە (زبان حالی حزبی کۆمۆنیستی عێراقی- لقی کورد) هەر ئەم دوو ژمارەیە دۆزراوەتەوەو لە نێوان ساڵی 1944- 1945 چاپو بڵاو کراونەتەوە. -16-

7 - (ئازادی کوردستان) حزبی شیوعی عێراق لە نێوان ساڵانی 1945- 1956 بڵاو کراوەتەوە، بەڵام نازانرێت چەند ژمارەی لێ دەرچوو.

8 - (دەنگی فەلاح) رۆژنامەیەکی دەوری بووە لە نێوان ساڵانی 1948- 1949 لە شاری سلێمانی لە لایەن حزبی شیوعی عێراق لە سلێمانی دەرچووەو دیار نییە چەند ژمارەی لێ بڵاو کراوەتەوە. -17-

9 - (دەنگی داس) رۆژنامەیەکە لە نێوان ساڵانی 1951- 1954 حزبی شیوعی عێراق لە ناوچەی وارماوەی دەربەندیخان دەریکردووەو نازانرێت چەند ژمارەی لێ بڵاو کراوەتەوە. -18-

10 - (دەنگی فەقێ) خوێندکارە شیوعییەکان ساڵی 1953 لە شاری سلێمانی دەریانکردووەو دیار نییە چەند ژمارەیە. -19-

11 - (دەنگی قوتابیان) خوێندکارە شیوعییەکان لە شاری هەولێر ساڵی 1953 بە دەستنووس دەریانکردووەو نازانرێت چەند ژمارەیە. -20-

12 - (یەکێتی فەللاح) حزبی شیوعی عێراق لە سلێمانی ساڵی 1954 دەریکردووەو دیار نییە چەند ژمارەیە. -21-

13 - (گەنجان) حزبی شیوعی عێراق لە سلێمانی ساڵی 1954 دەریکردووەو نازانرێت چەند ژمارەی لێ بڵاو کراوەتەوە. -22-

ئەنجام

لە کۆی کۆکردنەوەی ئەم زانیارییانەدا سەر ناوێکی تازە واتە ناونیشانێکی نوێ بۆ مێژووی رۆژنامەگەری کوردی زیاد دەکرێت ئەویش رۆژنامەگەری چەپی نهێنییە لە کوردستانی عێراقدا، خاڵی سەرەکیش بۆ ئەو دامەزراندنە بۆ پێکهێنانی گروپو دەستەو کۆمەڵەو پارتی کوردی دەگەڕێتەوە یان بۆ ئەو کوردانەی کە لەناو حزبی شیوعی عێراقدا خاوەنی بنکەیەکی جەماوەری فراوان بوونەو وەك واقیعێکی ئەوسا توانیویانە قەناعەت بە حزب بکەن تا رۆژنامەیەکی بۆ نموونە وەك (ئازادی) دەربکات، کە بەڕای ئێمە ئەگەر زۆربەی ژمارەکانی ئەو رۆژنامەیە بدۆزینەوە دەتوانین چەند وەڵامێکی تا ئەمڕۆ بزووتنەوەکەمان بدەینەوە، ئەمەو بێجگە لە روانینو خوێندنەوەی ئەو زمانو ئەدەبیاتەی کە ئەوسا بەکار هاتووەو ئیشی لەسەر کراوە، هیوادارین نەك هەر تەنها رۆژنامەی ئازادی بەڵکو هەموو رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەکانی تریش بدۆزینەوە، لە باسەکەدا نەمویست خۆم لە قەرەی کۆمەڵێك پرسیاری وەك کێ چەپە؟ کێ کۆمۆنیستە؟ کام بزووتنەوە مارکسییە؟ ئەی کام ئەدەبیات ئەدەبیاتی چەپو کۆمۆنیستییە؟ بدەم، بەڵکو ئەم کارەم تەنها پۆلێنو خستنە رووە، ئەو پرسیارانە بۆ ئەو کاتە جێ دێڵین کە ئەو گۆڤارو رۆژنامەو بڵاوکراوانە دۆزرانەوە.

پەراوێزەکان:

1 - نەوزاد عەلی ئەحمەد، هونەرەکانی ئەدەب لە رۆژنامەگەری نهێنی کوردیدا. (نامەی ماجستێر) زانکۆی سلێمانی 2000 (وەك کتێب چاپ نەکراوە)
2 - نەوزاد عەلی ئەحمەد رابەری رۆژنامەگەری نهێنی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، سلێمانی 2002 ل5
3 - فەهد گردەوانی (وەرگێڕو ئامادەکەر) رێکخراو، کۆمەڵە، پارت لە کوردستانی عێراقدا، ستۆکهۆڵم- 1999 ل2
4 - تاریق جامباز، گۆڤار- T، هەولێر- 1998
5 - فائق بطي (دکتورا) الصحافة الیساریة في العراق، لندن- 1985 ل18
6 - بۆ نەڵێین دارشتنی ئەم وشە کوردییە فیکرەکەی لەناو رۆژنامەی (رێیا تازە)ی سۆڤییەتی وەرگیراوە، بەڵام ئەو خەتە بە پێچەوانەی ئەو ناوە کاری کردووە، بۆ زانیاری زیاتریش رۆژنامەی (رێیا تازە) یەکەم رۆژنامەی چەپە کە بە زمانی کوردی لە ساڵی 1930 دەرچووە.
7 - عەزیز شەمزینی (دکتۆرا) جووڵانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان، ف- ئەسەسەرد لە عەرەبییەوە وەریگێڕاوە، چاپی سێیەم، سلێمانی 1998 ل183
8 - هەمان سەرچاوەی پێشوو ل185
9 - جەلال تاڵەبانی، کوردایەتی بزووتنەوەی نەتەوایەتی گەلی کوردستان، چاپی سێیەم، چاپخانەی خەبات- 1966 ل85
10 - ساڵح حەیدەری، الأتحاد (رۆژنامە) ژمارە (9) ساڵی یەکەم، شەممە 26ی کانونی یەکەمی 1992 ل5 ئەم دەقە وەرگێڕدراوە لە هەمان پەراوێزی -3- دا وەرگیراوە ل87
11 - جەلال تاڵەبانی، کوردایەتی بزووتنەوەی نەتەوایەتی گەلی کوردستان ل87
12 - عەزیز محەمەد، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گۆڤاری مامۆستای کورد، سوید 1986
13 - سەبارەت بەم زانیاریانە لە کتێبی تریش باسیان کراوە وەك:
أ: فاتیح رەسوڵ، بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستاندا، سوید 2001
ب: عبدالستار طاهر شریف، الجمعیات والمنظمات والأحزاب الکردیة، بغداد 1988
14 - تاریق جامباز، گۆڤار- T، هەولێر 1998
15 - فائق بطي (دکتورا) الصحافة الیساریة في العراق، ل129
16 - جەمال نەبەز (دکتۆرا) گۆڤاری کۆمۆنیستانەی یەکێتی تێکۆشین، سوید 1988
17، 18، 19، 20- فائق بطي (دکتورا) الصحافة الیساریة في العراق ل130
21، 22- نەوزاد عەلی ئەحمەد، هونەرەکانی ئەدەب لە رۆژنامەگەری نهێنی کوردیدا، (نامەی ماجستێر) زانکۆی سلێمانی 2000 ل37

بیرو بۆچوون

ئایین لە نێوان رۆژئاواو رۆژهەڵاتدا

شێخ سەدیق

قسەکردن لەسەر (ئایین) لە خۆرهەڵاتو خۆرئاوادا، قسەکردنە لەسەر دوو کەلتووری جیاواز. بە پێی تێڕوانینێکی ئەپستمۆلۆژی بۆ هەر یەك لەو دوو کەلتوورە جیاوازە کە ئایین تیایاندا بۆتە کایەکی سەرنج راکێشو تێڕامانێکی (فیکری) کە ئەمەش راڤە کردنێکە لەسەر ئاستی پەرەسەندنی ئەو دوو ئاراستەیە کە بە روونی دەکەونە بەرچاو. خوێندنەوەی ئایین لەو دوو کەلتوورە جیاوازەدا تەوزیف دەبێت بۆ سەر دوو چەمکی جیاواز کە هەر یەکەشیان وابەستەن بەو پەرەسەندنە مێژووییانەی کە ئەو دوو دنیا جیاوازە تیایاندا بوونیان هەیە.

1 - چەمکی ئایین لە خۆرئاوادا:

بنەمای تێڕوانین یان چەمکی فەلسەفی لە خۆرئاوادا گەڕانەوەیە بۆ (گریك) گریك بۆ خۆی لەناو کرانەوەیەکی جیهانێکدایە پڕە لە فەلسەفەی جیاوازو بوونی (فرە) فەلسەفیش لەناو هەر کایەکی کۆمەڵایەتیدا، گەڕانەوەیە بۆ ناو کایەی عەقڵانی. ئەم حاڵەتانەش لە بەرامبەر واقیعو تێڕامانە مرۆڤایەتییەکان بیرکردنەوەی عەقڵانی لە یەك زەمەنی چەق بەستودا بەیەکەوە گرێ نادا.

بە پێی پەرەسەندنە مرۆڤایەتییەکانو فیکری هاوچەرخ لەناو کایە مەعریفییەکاندا خەسڵەتو سیمای خۆرئاوای کردووە، کە مەسیحییەت لەو دیوی کایە مەعریفییەکانەوە پەراوێز بکەوێت ئەویش لە بەرامبەر ئەو کایە مەعریفییانەدا دەیەوێت مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعەدا بکات بۆیە زۆر قسە لەسەر ئەوە دەکرێت کە مەسیحییەت خۆی نوێ کردۆتەوە، لە راستی مەسیحییەت هەر مەسیحییەتە کە لە مێژووی خۆرئاوادا بوونێکی درێژی هەیە. ئەمە ئەوەندەی بەرگرییە لە مانەوەی خۆی ئەوەندە نوێ کردنەوە نییە.

2 - چەمکی ئایین لە خۆرهەڵاتدا

بۆ ئەوەی چەمکی ئایین لە رۆژهەڵاتدا وەربگرین دەبێ بگەڕێینەوە بۆ پێش سەرهەڵدانی ئیسلام. سەردەمی پێش ئیسلام پڕن لە باری سەرنج راکێشو تێڕامانی جیاواز، ئەویش جیاوازی خواوەندەکان لە فرەییدا، جیاوازی دەسەڵات، هەروەها لە کاتی پاڕانەوە لە خواوەندەکانیان ئەگەر وەڵامی داواکارییەکانیان نەدرابایەتەوە یەکسەر خواوەندەکانیان ئەگۆڕی، یان دەیانشکاندنو پەنایان بۆ خواوەندێکی تر دەبرد. بەڵام بە هاتنی ئایینی ئیسلام ئەم حاڵەتانە هەمووی گۆڕان بۆ خواوەندێکی هەموو مرۆڤەکان لە بەرامبەر فەرمانیدا بوون. لادان لەم خواوەندە مانای کافر بوون دەگەیەنێ.. ئەمە ئەوە دیاری دەکات کە ئایینی ئیسلام نە دەگۆڕێ نە دەستکاری دەکرێت. لە هەر زەمەنو گۆڕانێکی پێشکەوتنی دنیای رۆژهەڵاتدا دەبێ بەم شێوەیە بمێنێتەوە. لە دنیای رۆژهەڵاتدا ئەگەرچی کایە مەعریفییەکان وەك دنیای رۆژئاوا ئامادەبوونیان لەناو کایە کۆمەڵایەتییەکاندا نییە.. پەرەسەندنی کۆمەڵگاش وابەستەیە بە کایەی مەعریفی بۆیە ئایین لێرە نەکەوتۆتە پەراوێزەوە بەڵکو لەسەر کایە مەعریفییەکانی ترەوە مامەڵە لەگەڵ واقیعدا دەکات.